# عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لێکرا: ئایا هیچ شتێکی ترتان لە لایە لە وەحی جگە لەوەی لە کتێبەکەی خودا هەیە؟ ووتی: نەخێر، سوێند بە ئەوەی داقڵیشێنەری تۆوەکانە ودروستکاری ڕۆحەکانە، نایزانم؛ جگە لە تێگەیشتنێک نەبێت خوای گەورە دەیبەخشێت بە کەسێک سەبارەت بە قورئان، وئەوەی لە نێو ئەم پەڕەدایە

لە ئەبی جوحەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم بە عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- : ئایا هیچ شتێکی ترتان لە لایە لە وەحی جگە لەوەی لە کتێبەکەی خودا هەیە؟ ووتی: «نەخێر، سوێند بە ئەوەی داقڵیشێنەری تۆوەکانە ودروستکاری ڕۆحەکانە، نایزانم؛ جگە لە تێگەیشتنێک نەبێت خوای گەورە دەیبەخشێت بە کەسێک سەبارەت بە قورئان، وئەوەی لە نێو ئەم پەڕەدایە»، ووتم: چی لە نێو پەڕەکەدایە؟ ووتی: «دیە (نرخدان بەرامبەر خوێن وکوشتن)، وئازادکردنی دیل، ومسوڵمان نابێت بکوژرێت بەهۆی ئەوەی کافرێکی کوشتووە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەبی جوحەیفە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە عەلی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- : ئایا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئێوەی تایبەت کرد بە زانستێک یان شتێکی نووسراوە کە لە لای ئێوە بێت وخەڵکی لە لایان نەبێت، بۆیە ئەبو جوحەیفە ئەم پرسیارەی لێیکرد چونکە کۆمەڵێک لە شیعەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەهلی بەیت بە تایبەت ئیمامی عەلی هەندێک شتیان لایە لە وەحی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە تایبەت بۆ ئەوانی باسکردووە وبۆ کەسی تر باسی نەکردووە، وچەند کەسێکی تر هەمان پرسیاری کرد لە عەلی، ئەویش -ڕەزای خوای لێبێت- سوێندی خوارد بەو شێوەیەی عەرەب سوێند دەخۆن، ئەویش سوێند خواردنە بەو خودایەی مرۆڤی دروستکردووە وداقڵیشێنەری تۆو وناوکەکانە؛ کە هیچ شتێکیان لە لا نییە جگە لەو تێگەیشتنە نەبێت لە قورئان کە خودا دەیبەخشێت بە بەندەکەی، وهەروەها نووسراوێک کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسیکردووە سەبارەت بە حوکمی دیەکان (نرخدان بەرامبەر خوێن وکوشتن)، وئازادکردنی مسوڵمانە دیلەکان، ومسوڵمان نابێت بکوژرێت بەهۆی ئەوەی کافرێکی کوشتووە؛ چونکە مسوڵمان وکافر یەکسان وهاوتا نین.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58197